## یاریزانی تۆپی باڵەی یانەی برایەتی:

# بە بەشداریکردنی یاریزانی پیشەگەر ئاستی یاریزانەکانمان پێش دەکەوێت



**دەشنێ قاسم لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٢ی شارۆچکەی کۆیە و قوتابی قۆناغی سێیەمی کۆلێژی ئاداب بەشی زمانی عەرەبییە، سەرەتا لەیانەی کۆیە یاری کردووە، بەڵام بەهۆی چەند هۆکارێك ئەم یانەی جێهێشت و رووی کردە یانەی برایەتی، ئەم یاریزانە لەیانەی برایەتی باوکی سەرپەرشتیاری تیپی تۆپی باڵەی کچانە و دایکی یاریدەدەری راهێنەری یانەکەیە و لەگەڵ خۆیدا خۆشکێکی تری لە هەمان تیپ یاری دەکات و مامی راهێنەری تیپەکەیە، واتە ئەم یاریزانە لە خێزانێکی وەرزشوانان گەورە بووە، ئەمەش بووەتە هۆکاری سەرەکی بۆ پێشکەوتنی ئاستی ئەم یاریزانە لە پاڵەوانێتی یانەکانی عێراق لەسەر ئاستی کچان کە لەشاری هەولێر بەڕێوەچوو، ئەم کچە یاریزانە ئاستێکی بەرزی پێشکەش کرد و بووە جێگەی دەستخۆشی چاودێرانی وەرزشی. بۆیە بەپێویستمان زانی لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەی لەگەڵ سازبدەین.**

*** چۆن بوو ئەم یارییەت هەڵبژارد؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت لە منداڵییەوە حەزم لەیاری تۆپی باڵە بوو، بەڵام بوونی دایکم و باوکم بووە پاڵپشتێکی بەهێز بۆ ئەوەی ڕوو لەم یارییە بکەم و ئاستم پێشبکەوێت.

*** تا چەند لە ئاستی خۆت لە پاڵەوانێتی عێراق ڕازی بووی؟**

-لەم پاڵەوانێتیە لەئاستی خۆم ڕازیمە و توانیم ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم، بەگشتی یانەکەمان لەم پاڵەوانێتیە ئەنجامێکی باشی هەبوو هەرچەندە زۆربەی یاریزانەکان لاو بوون.

*** تا چەند یانەی برایەتی پاڵپشتیتان دەکات؟**

- یانەی برایەتی پاڵپشتییەکی زۆرمان لێدەکات و هەموو پێداویستییەکانمان بۆ دابین دەکات، هەرچەندە ئێمە دانیشتووی شارۆچکەی کۆیەین، بەڵام یانەکەمان لە هەموو ڕوویەکەوە دریغی نەکردووە.

*** چۆن دەتوانی لە وەرزش و خوێندن سەرکەوتوو بیت؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت من کاتەکانم لەنێوان وەرزش و خوێندن دابەش کردووە، توانیتم هاوسەنگیەك لەنێوان هەردووکیان دروست بکەم، لەخوێندن نمرەکانم لە گشت وانەکان بەرزە و لە وەرزشیش ئاستم بەرزە.

*** کێ پاڵپشتیت دەکات؟**

- دایکم و باوکم هەردەم پشتگیریم دەکەن و هەموو شتێکم بۆ دابین دەکەن و هەر کێشەیەکم هەبێت بۆم چارەسەر دەکەن، ئەمە پاڵپشتیە کی بەهێزە بۆ من و هەروەها خێزانەکەم و خاڵەکانم و مامەکانم هەمووی وەرزشوانن کە ئەمەش بووەتە هۆکاری سەرەکی بۆ پێشکەوتنی ئاستم.

*** سەرسامی ئاستی چ یاریزانێکی؟**

- لەجیهان سەرسامی ئاستی یاریزانی هەڵبژاردەی بەرازیل شیلەم و لە ئاستی کوردستان و عێراق سەرسامی ئاستی یاریزانی یانەی ئەکاد دالیدام، بۆیە یاریزانەکانی یانەکەمان هەندێك جار بە دالیدا بانگهێشتم دەکەن.

*** ئایا بانگهێشتی هەڵبژاردەی عێراق کراوی؟**

- بەڵێ، چەندین جار بانگهێشتی هەڵبژاردەی عێراق کراوم و هەروەها گرێبەستێکم لە وڵاتی میسر بۆ هات بۆ ئەوەی لە خولی ئەم وڵاتە یاری بکەم، بەڵام بەهۆی چەند هۆکارێك گرێبەستەکەم ڕەتکردەوە.

*** کێشە و گرفتتان چییە؟**

- کێشەی سەرەکی ئێمە نەبوونی هۆڵە، چونکە لە کۆیە بەکرێ گرتنی هۆڵ زۆر زەحمەتە و هەندێك جار هۆڵەکان بەکرێ نادەن، ئەگەر هۆڵێکی تایبەت بە خۆمان هەبێت ئەوە ئاستمان زیاتر پێشدەکەوێت.

*** چۆن دەڕوانیە ئاستی تۆپی باڵەی کچان لە کوردستان؟**

- ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان پێشکەوتوو نییە، بۆیە دەبێت زیاتر بایەخ بە یاریزانەکان بدرێت و هەموو پێداویستیەکیان بۆ دابین بکەن بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان پێشبکەوێت، بە گشتی هۆکاری دابەزینی ئاستی وەرزشی ئافرەتان لە کوردستان بۆ ڕێگری کردنی دایك و باوکەکانە لەوەی کە کچەکانیان بێنە نێو وەرزش، هەروەها دابونەریتی کۆمەڵایتی ئەمەش یەکێکە لە کێشەکان.

*** تا چەند سوودتان لە بەشداریکردنی یاریزانە پیشەگەرەکان لە خولی عێراق کرد؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت ئاستی یاریزانە پیشەگەرەکان لەم پاڵەوانێتیە زۆر بەرز بوو، بەتایبەتی یاریزانە ئێرانیەکانی یانەکەمان، ئێمە زۆر سوودمان لێوەرگرتن لەڕووی یاری کردن و مەشقەکان و زۆر شتیان لێ فێربووین، هیوادارام لە گشت پاڵەوانێتیەکان یاریزانی پیشەگەر بەشداری بکات بۆ ئەوەی ئاستی پاڵەوانێتیەکان پێش بکەوێت.


*** دوا وتەت چییە؟**

- زۆر سوپاستان دەکەم و هیوادارام ئاستی وەرزش لە کوردستان زیاتر پێش بکەوێت و بایەخی زیاتر بە وەرزشی ئافرەتان بدرێت.



# هەشت یاریزانی بەرشلۆنە و پێنج یاریزانی ریال مەدرید لە پێشبڕكێی تۆپی ئاڵتونی دان

ڕێبین ڕەمزی



یەكێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی بۆ تۆپی پێ و ڕۆژنامەی فرانس فۆتبولی فەرەنسی تایبەتمەند بەبواری تۆپی پێی ساڵانە باشترین یاریزان و ڕاهێنەری جیهان دەستنیشان دەكەن بۆ بەخشینی خەڵاتی تۆپی پێی ئاڵتونی بەیاریزانی براوە، بۆ ئەم مەبستە ئەمساڵ ٢٣ یاریزان وەكو پاڵێوراو بۆ بەدەستهێنانی ئەم نازناوە دەستنیشان كراون، كە تیایدا پشكی شێر بەر یاریزانە پاڵێوراوەكانی هەردوو یانەی بەرشلۆنە و ڕیال مەدرید كەوتووە، كە تیایدا لە یانەی بەرشلۆنە ٨ یاریزان بوونی هەیە و لە یانەی ڕیال مەدرید ٥ یاریزان و تەنیا یەك یاریزانی ئەفریقی ناوی لەم لیستەیە.

لە لایەكی دیكەوە دە ڕاهێنەر دەستنیشان كراون بۆ ئەوەی ڕكابەری لەسەر بە دەستهێنانی خەڵاتی باشترین ڕاهێنەری جیهان بۆ ساڵی ٢٠١٠-٢٠١١ بكەن، لەم پێشبركیە ڕكابەرێكی بەهێز دەبێت، چونكە گشت پاڵێوەراوەكان خاوەن دەستكەوتی مەزنن لەگەڵ یانەكان و هەڵبژاردەكان.

جێگەی باسە وا بڕیارە لە ٥ی مانگی داهاتوو ئەم لیستە بۆ ٣ یاریزان كەم بكرێتەوە و لە ١٢/٩ لە ئاهەنگێكی گەورە لە زیوریخی سویسری باشترین یاریزان و ڕاهێنەر دەستنیشان دەكرێت بۆ وەرزی (٢٠١٠-٢٠١١)، ئەمەی خوارەوەش ناوی پاڵێوراوەكانە.

یاریزانەكان: ئەرژەنتینی لیونێل میسی (بەرشلۆنە)، ئیسپانی جاڤی هێرناندێز(بەرشلۆنە)، بەرازیلی ئەلڤێس (بەرشلۆنە)، فەرەنسی ئێریك ئەبیدال (بەرشلۆنە)، ئیسپانی سیسك فابریگاس(بەرشلۆنە)، ئیسپانی ئەندریاس ئەنێستا (بەرشلۆنە)، ئیسپانی جیرارد پیكیە (بەرشلۆنە)، ئیسپانی داڤید ڤیا (بەرشلۆنە)، پورتوگالی كریستیانۆ ڕۆناڵدۆ (ریال مەدرید)، فەرەنسی كەریم بن زیمە (ریال مەدرید)، ئەڵمانی مەسعود ئۆزێل (ریال مەدرید)، ئیسپانی چاپی ئەلۆنسۆ (ریال مەدرید)، ئیسپانی ئیكر كاسیاس (ریال مەدرید)، ئینگلیزی واین ڕۆنی (مانچستەر یۆنایتد)، پورتوگالی لویس نانی (مانچستەر یۆنایتد)، ئەرژەنتینی سێرجیو ئەگوێرۆ (مانچستەر سیتی)، كامیرۆنی سامۆێل ئیتۆ (ئەنجی ڕووسی)، ئۆرگوای دیگۆ فۆرلان (ئەنتەر میلان)، هۆڵەندی شنایدر (ئەنتەر میلان)، ئەڵمانی تۆماس مۆلەر (بایرن میونیخ)، ئەڵمانی باستیان شیڤانز شتایگەر (بایرن میونیخ)، بەرازیلی نیمار (سانتۆس)، ئۆرگوای لویس سوارێز (لیڤەرپوول).

ڕاهێنەرەكان: ئیتاڵی كارلۆ ئەنشیلۆتی (ڕاهێنەری پێشووی چێلسی)، ئۆرگوای ئۆسكار تابارێز (ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئۆرگوای)، هۆڵەندی لویس ڤان گال (ڕاهێنەری پێشووی بایرن میونیخ)، ئیسپانی دیل بۆسكی (ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئیسپانیا)، پورتوگالی مۆرینهۆ (ڕاهێنەری ڕیال مەدرید)، ئەڵمانی یواكیم لۆف (ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئەڵمانیا)، ئیسپانی گواردیۆلا (ڕاهێنەری بەرشلۆنە)، ئوسكتلندی سێر ئەلێكس فێرگسۆن (ڕاهێنەری مانچستەر یۆنایتد)، هۆڵەندی مارك فارمێك (ڕاهێنەری هەڵبژاردەی هۆڵەندە)، فەرەنسی ئارسن ڤینگەر (ڕاهێنەری ئەرسناڵ).



# وەرزشـــوانە دەوڵــەمەنـــــــ

گۆڤاری فۆربســـی تابەتمەند بە کاروباری ئابووری جیهانی ناوی ١٠ دەوڵەمەندترین وەرزشوانی جیهانی ئاشـــکرا کرد لەڕووی داهاتی ســـاڵانەوە، وەرزشوانان بەهۆی ناوبانگیانـــەوە کاری وەبەرهێنـــان و دانانی کۆمپانیـــا و بازرگانـــی دەکەن لەگـــەڵ مووچەی ســـاڵانەیان خاوەن داهاتێکی مەزنن، گۆڤارەکە دوایین لیستی وەرزشوانە دەوڵەمەندەکانی جیهانی لە سەرجەم یارییـــە وەرزشـــییەکان بڵاوکـــردەوە کـــە تایبەتە بەو وەرزشوانانەی کە تا ئێستا لە یاریکردن بەردەوامن:

**١ – تایگەر ودز.. ئەمریکا**

جۆری یاری: گۆڵف

تەمەن: ٣٥ ساڵ

کۆی داهاتی ساڵانە: ٧٥ ملیۆن دۆلار

د ە و ڵە مە ند تر یـــن وەرزشـــوانی جیهانە و تاکە وەرزشـــوانە کە سامانەکەی لە یەك ملیار دۆلار زیاترە، ودز باشـــترین یاریزانـــی گۆلف بوو، بەڵام ئێستا ئاســـتی هاتۆتە خـــوارەوە کەچی بەردەوامـــە لـــە کۆکردنەوەی زۆرترین سامان.

**٢ – ڕۆجـــەر فیدرەر. سویسرا**

جۆری یاری: تێنسی سەر زەوی

تەمەن: ٢٩ ساڵ

کۆی داهاتی ســـاڵانە: ٦١ ملیۆن و ٧٠٠ هەزار دۆلار

یەکێکە لەباشـــترین یاریزانانی تێنســـی ســـەر زەوی لـــە مێژوودا، ئێستا پۆلینکاری چوارەمی جیهانە، خاوەن داهاتێکـــی گەورەیە، کاری وەبەرهێنـــان لەچەندین کۆمپانیـــای جیهانی ئەنجام دەدات.

**٣ – کۆبی براینت.. ئەمریکا**

جۆری یاری: تۆپی باسکە

تەمەن: ٣٢ ساڵ

کۆی داهاتی ساڵانە: ٥٣ ملیۆن دۆلار

خاوەن گەورەترین مووچەی ساڵانەیە لەخولی باسکەی ئەمریکا (NBA)، خاوەن سامانێکی گەورەیە و کاری وەبەرهێنان لەچەندین کۆمپانیا ئەنجام دەدات.

**٤ – لیبرۆن جیمس.. ئەمریکا**

جۆری یاری: تۆپی باسکە

تەمەن: ٢٦ ساڵ

کۆی داهاتی ساڵانە: ٤٨ ملیۆن دۆلار

باشترین یاریزانی باسکەی ئەمریکایە، خاوەن ڕێژەیەکی پشـــکەکانی یانەی لیڤەرپولە، درێـــس و کالەی ئەم یاریزانە زۆرترین ڕێژەی فرۆشتنی هەیە لە ئەمریکا، جگە لەوەش کاری بازرگانی ئەنجام دەدات.

**٥ – فیل میکیلسۆن.. ئەمریکا**

جۆری یاری: گۆڵف

تەمەن: ٤٠ ساڵ

کـــۆی داهاتی ســـاڵانە: ٤٦ ملیـــۆن و ٥٠٠ هەزار دۆلار

یاریزانێکی گۆڵفی ئەمریکایە، زیاتر لە ٤٧ پاڵەوانیەتی بردۆتـــەوە، مووچەکەی بەرزە و لەکاری وەبەرهێنان لە چەندکۆمپانیایەکی جیهانی کار دەکات.

**٦ – دێڤید بێکهام.. ئینگلتەرا**

جۆری یاری: تۆپی پێ

تەمەن: ٣٦ ساڵ

کۆی داهاتی ساڵانە: ٤٠ ملیۆن دۆلار


یەکێکە لە بەناوبانگترین و پڕجەماوەرترین یاریزانانی تۆپی پێی جیهـــان، داهاتەکەی بەهـــۆی ڕیکلام و یارییەکانی پلای ستێشن زۆر بەرز بۆتەوە.

**٧ – کریستیانۆ ڕۆنالدۆ. پورتوگال**

جۆری یاری: تۆپی پێ

تەمەن: ٢٦ ساڵ

کـــۆی داهاتی ســـا ڵا نە : ٣٨ ملیۆن






# ـــــدەکان

دۆلار

بەنرخترین یاریزانی تۆپــی پێ لە جیهان، کاپتنی هەڵبــژاردەی پورتــوگال و یاریزانــی یانەی ڕیال مەدریــدە، ماڵپەڕەکانــی فەیســبوك و تویتەری بەکارهێناوە بۆ زیاتر بەناوبانگ بوونی و زیادکردنی داهاتەکەی، کریستیانۆ خاوەن ٣٤ ملیۆن هاوڕێیە لە فەیسبوك و ٤ ملیۆن هاوڕێیە لە تویتەر.

**٨ – ئەلێکس ڕۆدریگز.. ئەمریکا**

جۆری یاری: بێسبۆل

تەمەن: ٣٦ ساڵ

کۆی داهاتی ساڵانە: ٣٥ ملیۆن دۆلار

ڕۆدریگــز یاریزانی بێســبۆلی یانــەی نیویۆرك یانکیــزی ئەمریکیــە، خاوەن کۆمەڵێــك پرۆژەی وەبەرهێنانی بازرگانیە لە ئەمریکا.

**٩ – مایکل شوماخەر.. ئەڵمانیا**

جۆری یاری: شۆفێری فۆرمولا یەك

تەمەن: ٤٢ ساڵ

کۆی داهاتی ساڵانە: ٣٤ ملیۆن دۆلار

شوماخەر لە ساڵی ٢٠١٠ گەڕایەوە پێشبڕکێیەکانی فۆرمــولا یەك، ئەنجامەکانی بــاش نەبوون، بەڵام بەهۆی کاری وەبەرهێنانەوە لەچەند کۆمپانیایەکی ئۆتۆمبێل داهاتەکەی زیادی کردووە.

**١٠ – لیۆنێل میسی.. ئەرژەنتین**

جۆری یاری: تۆپی پێ

تەمەن: ٢٤ ساڵ

کۆی داهاتی ســاڵانە: ٣٢ ملیــۆن و ٣٠٠ هەزار دۆلار

باشــترین یاریزانی جیهان لە تۆپی پێدا لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوو، کاپتنی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین و ئەســتێرەی یانەی بەرشــلۆنەیە، میسی کاری وەبەرهێنان لەگەڵ کۆمپانیاکانی ئەدیداس و بیبسی کۆلاو کۆنامی ئەنجام دەدات.





# پڕ جەماوەرترین یانەکان و خولەکان

لە ڕاپۆرتێکدا کە دەزگای (سپۆرتس مارکت) ی تایبەتمەندی ڕاوێــژکاری ئەڵمانی بڵاوی کردەوە، دووپات کرایەوە کە یانەی مانچســتەر یونایتدی ئینگلیزی پــڕ جەماوەرترین یانەیە لەسەرتاسەری جیهان، لەدوای ئەویش هەریەك لە یانەکانی بەرشلۆنە و ڕیال مەدریدی ئیسپانی دێن، هۆکاری ئــەو جەماوەرییەی یانەی مان یونایتد بۆ کیشوەری ئاسیا دەگەڕێتەوە، ئەوەی خــوارەوەش ڕیزبەندی پڕ جەماوەرترین یانەکانە لەسەر ئاستی جیهان:

١- یانەی مانجستەر یونایتد. ئینگلتەرا. ٣٥٤ ملیۆن هاندەر

٢- یانەی بەرشلۆنە. ئیســپانیا. ٢٧٠ ملیۆن هاندەر

٣- یانەی ڕیال مەدرید. ئیسپانیا. ١٧٤ ملیۆن هاندەر

٤- یانەی چێلســی. ئینگلتەرا. ١٣٥ ملیۆن هاندەر

٥- یانەی ئەرســنال. ئینگلتەرا. ١١٣ ملیۆن هاندەر

٦- یانەی ئەی سی میلان. ئیتالیا. ٩٩ ملیۆن هاندەر

٧- یانــەی لیڤەرپول. ئینگلتەرا. ٧١ ملیۆن هاندەر

٨- یانــەی ئینتەرمیــلان. ئیتالیا. ٤٩ ملیۆن هاندەر

٩- یانــەی بایرەن میونیخ. ئەڵمانیا. ٢٤ ملیۆن هاندەر

١٠- یانــەی یۆڤانتــس. ئیتالیــا. ٢٠ ملیۆن هاندەر

١١- یانەی مانجســتەر سیتی. ئینگلتەرا. ١٨ ملیۆن هاندەر

لە لایەکــی دیکەوە لەهەمــان ڕاپۆرتدا خولی نایابی ئینگلتەرا بــۆ جارێکی دیکە بەخاوەنی زۆرترین جەماوەر لە جیهاندا دەست نیشانکرایەوە و لە پێش خولەکانی ئیسپانیا و ئیتالیا و ئەڵمانیا دێت، ئەمــەش ڕیزبەنــدی خولەکانە لەڕووی زۆرترین هاندەرەوە:

١- خولی ئینگلتــەرا. ١ ملیار و ٤٦٠ ملیۆن هاندەر

٢- خولی ئیسپانیا. ٨٧٨ ملیۆن هاندەر

٣- خولی ئیتالیا. ٦٦٣ ملیۆن هاندەر

٤- خولی ئەڵمانیا. ٥٢٠ ملیۆن هاندەر



ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال



# یانەی گارە هەوڵی چی دەدات؟

**تیپی تۆپی پێی یانەی گارە یەکێکە لەتیپە بەتواناکانی شاری دهۆك، ماوەی چەند ساڵێکە لەڕیزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان یاری دەکات، هەوڵ دەدات ســەرکەوێت بۆخولی نایابی کوردســتان، بەڵام بەهۆی کۆمەڵێك کێشــەو گرفت نەیتوانیوە سەرکەوێ، ئەمساڵیش تیپەکە بەشێوەیەکی تر خۆی ئامادەکردووە و بەنیازی سەرکەوتنە بۆخولی نایاب و ئەو بەربەستەش ببڕن کە ماوەی سێ ساڵە پێ دەناڵێنن کە بووەتە هۆی ئەوەی نەتوانن ســەرکەون، ئێمەش بۆ ئاگاداربوون لەو هۆکار و بەربەســتانەی کە وایکردووە ئاســتی یانەکە دابەزێت و**



شــێروان بەشــار ســکرتێری یانەی گارە لەبارەی ئاســتی ئێســتای یانەکەیان و ئەوە کێشانەی کە هەیانــە بۆ فایلی وەرزشــی گــوڵان وتی «ئێمە ئەمســاڵ ئاســتی تیپەکەمان و یاریزانانی تیپی تۆپــی پێمــان لەئاســتێکی بــەرزدان، ئیدارەی یانەکەشــمان گرنگیەکــی زۆر بەتیپی تۆپی پێ دەدەن بۆئەوەی ئەمساڵ هەر چۆنێك بێت بۆ ریزی یانە پلە نایابــەکان ســەرکەوین، لەلایەن یەکێتی لاوانەوە پشتگیریەکی باشمان دەکرێ، بەڵام کێشەی ئێمــە ئەوەیە کە بودجەی یانەکەمــان کەمە تەنیا شــەش ملیۆن دینارە و بەشی یارییەکانی باسکە و بالەو شــەترەنج و کۆنفۆ و تایکواندۆ و یارییەکانی تۆپی پــێ ناکات، چونکە یارییەکان پارەی زۆری دەوێت، ئێمەش لەئێستادا لەسەرەتای خولەکەداین و دمانەوێ درێژە بە باشــی ئەنجامەکانمان بدەین و یەکێتی تۆپی پێ گرنگی باش بەیانەکان دەدات و پارەی یارییەکانیان بۆسەرف دەکات. ئەوە بۆسێیەم ساڵە لەســەر یەك هەمان ئەو یاریزانانە یاری دەکەن کە لەیانەکەی خۆمان بووینە و گرنگی بە یاریزانانی شــاری دهۆك دەدەیــن، بۆ ئــەم وەرزەش تەنیا دوو یاریزانمان لەشاری موسڵ بۆ ریزی یانەکەمان هێناوە، یاریگایەکی ڕێکوپێکمان هەیە و پارێزگاری دهۆکیش هەمیشە هاوکاریمان دەکات، ئێمە بەنیازین بەشداری خولــی پلە یەکی عێراقیش بکەین، بۆیە لەئێســتادا تەنیا پێویســتیمان بە بەختە بۆئــەوەی یاوەرمان بێت بگەینە ڕیزی یانە پلە نایابەکانی کوردســتان دوای سێ ساڵ لە چاوەڕوانی.

خالیــد موســا ڕاهێنــەری یانــەی گارە لەبارەی ئامادەکارییەکانیان بۆ وەرزی ئەمساڵ وتی «خولی پلە یەکەکانی کوردستان ساڵانە خولێکی بەهێزەو ژمارەی یانەکانیشــی زۆرە، بۆیە خولەکە بەهێزی بەخۆیەوە دەبینێ، ئێمە ئەمســاڵ لەم خولە بەشێوەیەکی باش خۆمان ئامادەکردووە، تیپەکەشــمان لەگشت ڕوویەك ئامادەکــراوە بۆئەوەی ئەمســاڵ بەهــەر نرخێ بێت بتوانین شان بەشــانی یانەکانی دیکە بگەینە خولی پلە نایابی کوردســتان، هەرچەندە گەیشتن بەخولی پلــە نایاب کارێکی زۆر ئەســتەمە، چونکە ١٨یانە بۆئەم خولە زۆرەو یەك قۆناغیشە، ئەگەر دوو قۆناغ بوایە باشتر دەبوو تیپەکان زیاتر چانسی سەرکەوتنیان دەبوو». وتیشــی «هەرچەندە ئێمە ئەمســاڵ هیچ کێشەیەکمان نییە و پشتمان بەیاریزانانی شاری دهۆك بەستووە، بەڵام بەهیوای ئەوەشین بتوانین ئەم قۆناغە هەســتیارە ببڕین و بگەینــە یارییەکانی کۆتایی و بتوانین دووبارە خۆمان لە پلەنایاب ببینینەوە، هیوای زۆرمان بەیاریزانان هەیە کە بتوانین لەم وەرزە بگەینە ئامانجی چەند ســاڵەمان و لەئێستاشــدا هەرچەندە ســەرەتای خولەکەیە، بەڵام دەبێت بەشێوەیەکی باش مامەڵە لەگەڵ یارییەکان بکەین بۆئەوەی هیچ خاڵێك بەفیرۆ نەدەین».



ئاراز ســلێمان کاپتنی یانەی گارە لەبارەی ئاســتی یانەکەیان بۆ ئەمساڵ وتی «خولی پلەیەکی کوردستان ساڵ بەســاڵ بەهێزی زۆر بەخۆیەوە دەبینێ، چونکە یانەکان هەموویان بەهێزن و ڕکابەری یەکتریشــن بۆ ئەوەی هیچ خاڵێك لەکیس نەدەن، ئێمەش ئەمســاڵ بەشێوەیەکی تۆکمە و باش خۆمان ئامادە کردووە، تاکو ئێســتاش هیچ کیشــەو گرفتێکمان لە ریزی یانەکە نییە و ئیدارەی یانــەی گارەش بەتەواوی هاوکاری ئێمە بووینە لەیانەکە، لەهەموو کاتێك پشت و پەنامان بوونە، بۆیــە ئێمە لەم وەرزە دەمانەوێ بەهەر جۆرێك بێت یاریزانەکان بەیەك دەســت بتوانین ئامانجی سێ

## سەبریە ڕەحمان:

# کەمی بودجە ڕێگرە لەپێشکەوتنی کارەکانمان

**سەبریە خان یەکێکە لەئافرەتە وەرزشوانەکانی شاری سلێمانی و ماوەیەکی زۆرە لەخزمەتی وەرزشی ئەو شارەیە، چەندین ئەنجامی لەگەڵ یانەکانی شاری سلێمانی بەدەستهێناوە، ناوبراو لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٩ی شاری سلێمانیە، ئێستاش سەرپەرشتیاری تێنسی سەرزەوی یانەی ئافرۆدێتی شاری سلێمانیە کە تایبەتە بەیاریی تیپەکانی کچان، ئێمەش لەنزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.**



*** بەشێوەیەکی گشتی ئاستی ئەم یارییە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

-ئەم یارییە بەشێوەیەکی گشتی گرنگی پێ دراوە، بەڵام بەم شێوەیەش نییە کە زۆر پێشکەوتوو بێت، بەڵام لەشاری سلێمانی گرنگیەکی ئەوتۆی پێ نەدراوە، لەم چەند ساڵەی دوایی وا خەریکە یارییەکە لەم شارە خۆشەویستە زیندوو دەبێتەوە.

*** بەبۆچوونی جەنابت چی بکرێت باشە بۆئەوەی ئەم یارییە پێشڤەچوونێکی باش بەخۆیەوە ببینێ؟**

- پێویستە گرنگی بەکردنەوەی قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان بدرێت و یاریگای زیاتر بکرێتەوە، چونکە ئێستا لەهەر شارێك یەك یاریگا هەیە لەهەندێك شاریش هەر یاریگا نییە، ئەمەش ڕێگر دەبێت لەپێشکەوتنی ئەو یارییە لەشارەکانی کوردستان.

*** کێشەو گرفتی ئێوە وەکو یانەی ئافرۆدێت لەسلێمانی کە تاکە یانەی ئافرەتانن لەم شارە چییە؟**

-کەمی بودجە کە ڕێگری دەکات لەپێشکەوتنی کارەکانمان و ناهێڵێت تیپەکانمان بەشێوەیەکی باش بۆ پاڵەوانێتیەکان ئامادەکەین.

*** کێ هاوکاری یانەی ئافرۆدێت دەکات؟**

- یانەکەمان خۆی بودجە بۆخۆی دابین دەکات، لەگەڵ لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستانیش هاوکاریمان دەکەن.

*** وەکو ئافرەتێك هۆکاری کەمی ڕێژەی ئافرەت لەیارییە جۆراوجۆرەکان بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

-لەشاری سلێمانی بەهۆی نەبوونی یاریگا و کەمی یاریگا ئافرەت کەمتر بەشداری لەوەرزش دەکات، ئەگەر یاریگا و هۆڵی داخراو هەبێت، ڕێژەی ئافرەتی وەرزشکارمان زۆر دەبێت.

*** بۆچی تاکوئێستا هەوڵتان نەداوە یاریگایەکی تایبەت بەخۆتان دروست بکەن؟**

-نەبوونی یاریگا بۆیانەکەمان دەگەڕێتەوە بۆحکومەتی هەرێمی کوردستان کە تاکوئێستا یاریگایەکی بۆمان دابین نەکردوە وەکو تاکە یانەی ئافرەتان لەسلێمانی. کارمان بۆکراوە لەڕابردوو، بەڵام وەکو پێویست نەبووە.

*** بەرنامەتان چییە بۆکچانی شاری سلێمانی کە لەداهاتوو ئەنجامی بدەن؟**

-یانەی ئافرۆدێت لەگەشەی بەردەوامە و ڕۆژ بەرۆژ ژمارەی یاریزانەکانمان لەزیادبووندایە، حەزدەکەین یانەکانی دیکەی تیپە جۆراوجۆرەکان لەئاستی کچان درووست بکەن، ئێمەش بەرنامەی خۆمان هەیە بۆئەوەی ئاستی وەرزشی لەیانەی ئافرۆدێت بەرزبێتەوە.

*** چۆن دەڕوانیتە ئاییندەی وەرزش لە کوردستان؟**

-لەئێستادا ئاستی وەرزش لە کوردستان لەهەموو یارییە جۆراوجۆرەکان پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، بەهیوای ئەوەشم بگەینە لوتکەی وەرزشی عێراق و ئاسیا، بەهیوای ئەوەشم لایەنی پێوەندیدار زیاتر گرنگی بەیارییە تاکەکانیش بدەن.

*** پەیامت بۆ یانەکان بۆئەوەی زیاتر کچان بهێننە نێو یارییەکان؟**

-بەهیوای ئەوەین ئەوانیش وەکو ئێمە گرنگی باش بەتیپی کچان بدەن، ئەوانیش خزمەتی بواری وەرزشی کچان بکەن، چونکە لەئێستا ڕێژەیەکی زۆری ئافرەتی وەرزشوان لەشارەکانی کوردستان دەرکەوتوونە.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لەکۆتاییدا؟**

-سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم، کە بەردەوام پشتگیری وەرزشوانان دەکات، بەهیوای سەرکەوتنی ئەم گۆڤارە ئازیزەم.



**هەروەها بەرنامەی داهاتوویان بۆ ئەوەی ئەنجامەکان لە بەرژەوەندی خۆیان ڕاست بکەنەوە، لەنزیکەوە ئەم ڕاپۆرتەمان بۆ ئامادە کردوون.**



ساڵەی یاری کردنمان لەخولی پلەیەك بەسەر بخەینەوەو خۆمان لەریزی پلە یەکەکان دوورکەینەوە بچینەوە ڕیزی یانە بەهێزەکان و یاریزانەکانیشمان زۆربەی زۆری خەڵکی شاری دهۆکن و بڕبڕەی پشتی یانەکەن، بەپشتیوانی خوای گەورە و یاریزانان و دەستەی کارگێڕی یانەکە دەتوانین بگەینە ڕیزی پلە نایابەکانی کوردستان، زۆرجار لەخولی پلەیەك یەك خاڵ لەدەست بدەی بێ بەش دەبیت لەسەرکەوتن بۆقۆناغێکی تازە، بەبۆچوونی منیش ئەگەر خولی پلەیەکی کوردستان دوو قۆناغ بوایە یانەکان باشتر خۆیان ماندو دەکردو چانسی سەرکەوتنیان زیاتر دەبوو، لەئێستاشدا بەهۆی ئەوەی لەسەرەتای خولەکەین پێشبینی هەندێك قورسە، بەڵام ئێمە بەهیوای ئەوەین بتوانین بگەینە ئامانجی خۆمان و ئیدارەو ڕاهێنەریش هەوڵی جددی دەدەن لەم بارەیەوە، بۆیە سەرکەوتنمان دەبێتە هۆکارێکی باش لەیارییەکانی داهاتووی یانەکەمان».